دکتور ساڵح ئیبراهیمی



بۆ خۆپارێزان جێگەی بە ئاوات گەیشتن و سەرکەوتن و رزگار بوون هەیە ﴿٣١﴾ باغگەلێ
رازاوە و ترێگەلێ جۆربەجۆر ﴿٣٢﴾ کیژانی هاوتەمەنی مەمک خڕ و تازە پێگەیشتوو ﴿٣٣﴾
جامی پڕ ﴿٣٤﴾ لەوێدا نە قسەی هەوانتە و قازانج و قسەی مفت و هیچوپووچ دەبیسن، نە
یەکتریش بە درۆ دەخەنەوە ﴿٣٥﴾ خەڵاتێکی پەروەرندەی تۆیە، بەخششی بە سەروبەریشە
﴿٣٦﴾ پەروەرێنەری ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوان ئەو دووانەدایە، ئەو خوای رەحمانە
کە هیچ کەس بێ ئیجازەی ئەو مافی دواندن و قسە کردنی بۆ نییە ﴿٣٧﴾ رۆژێ کە رۆح
(جوبرەئیل) و مەلائیکە بە ریز رادەوەستن و هیچیان ناخێون و قسە ناکەن، مەگەر ئەوەی کە
خوای رەحمان ئیجازەی دابێ و (ئەویش) بە راستی و چاکە قسە بکا ﴿٣٨﴾ ئەو رۆژە بەرهەقە،
جا هەرکەس بیەوێ رێگای گەرانەوە بۆ لای پەروەرێنەری دەگرێتە بەر ﴿٣٩﴾ ئێوە لە جەزرەبە
و عەزابێکی نێزیک ئەترسێنین، رۆژێ کە مرۆڤ هەرچی لە بەرا ناردوویەتی، ببینێ، کافر
بڵێ: خۆزگە خاک و خۆڵ بوایەم ﴿٤٠﴾

## سوورەی نازیعات: گیانکێشان ٤٦ ئایەتە

**سوورەی نازیعات لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٤۶ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە مەلائیکە کە گیانی تاوانباران بە توندی دەردەکێشن ﴿١﴾ سوێند بە مەلائیکەگەلێ
کە بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی خوا، خێرا بۆی دەرۆن ﴿٣﴾ جا سوێند بە مەلائیکەکان کە
پێش دەکەون ﴿٤﴾ جا سوێند بەوانە کە بە را و تەگبیر و راوێژ کار دەکەن ﴿٥﴾ رۆژێ کە
بوولەرزە هەموو شتێک سەخت دەخاتە لەرزەلەرز ﴿٦﴾ دوا بە دوای ئەوە، رووداوی دووەم روو
ئەدا ئیتریشی بە دوودا دێ ﴿٧﴾ لەو رۆژەدا دڵگەلێ سەخت هەراسان و پەرێشانە ﴿٨﴾ چاویان
سیس و کز لە ترسا بەر داوەتەوە ﴿٩﴾ دەڵێن: ئایا بۆ ژیانی دووبارە دەمانگێرنەوە ﴿١٠﴾ ئایا
کاتێ بووینە ئێسکی پوواو (ئەشێ زیندوو ببینەوە) ﴿١١﴾ دەڵێن: ئەم گەرانەوەی ئێمە لەو
کاتەدا، گەرانەوەیەکی دۆڕاو و زیاناوییە ﴿١٢﴾ جا ئەو گەرانەوە تەنیا بە یەک نارەتە و هاوار
ئەنجام ئەبێ ﴿١٣﴾ جا لە ناکاو ئەوانە بێدار لەو بیابانەن (١٤) ئاخۆ بەسەرهاتی مووسات بۆ
هاتووە ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەودەمە کە پەروەرێنەری لە شیوەڵی پیرۆزی «طوی» بانگی کرد (و پێی وت:) ﴿١٦﴾ بڕۆ لای فیرعەون ﴿١٧﴾ جا پێی بڵێ: ئایا گەرەکتە و ئەتەوێ پاک بیەوە ﴿١٨﴾ تۆ ڕێنوێنی بکەم بۆ لای پەروەرێنەرت، جا پەروا بکە ﴿١٩﴾ مووسا نیشانەیەکی گەورەی پیشاندا ﴿٢٠﴾ (فیرعەون) ئەوی بە درۆ دانا و نافەرمانی کرد ﴿٢١﴾ لە پاشان پشتی تێکرد و هەمیشە ئەکۆشا ﴿٢٢﴾ جا هەموو جادووگەر و ساحیرەکانی خڕکردەوە و هاواری لە خەڵک کرد ﴿٢٣﴾ وتی: من پەروەرێنەری هەرە بەرزتری ئێوەم؟ ﴿٢٤﴾ جا خوا ئەوی بە جەزرەبە و عەزابی دنیا و ئاخیرەت گرت ﴿٢٥﴾ لەمەدا دەرس و پەندێ بۆ ئەوانەی کە لە خوا ئەترسن هەیە ﴿٢٦﴾ ئاخۆ چێ کردن و ئافراندنی ئێوە (دوای مەرگ) سەختترە یا ئاسمانێ کە خوا بینای ناوە ﴿٢٧﴾ قەوارە و میچەکەی بەرز کردۆتەوە، جا ئەوی ساف و تەکووز و لەبار کردووە ﴿٢٨﴾ شەوەکەی تاریک و چێشتەنگاو و ڕۆژەکەی ئاشکرا کرد ﴿٢٩﴾ لە دوای ئەمە ئەم زەوییەی بە بڵدانەوە پانکردەوە و ڕایخست ﴿٣٠﴾ ئاوی لێدەرخست (هێنایە سەر عەرز) و لەوەڕگەی بەدیهێنا (و ئامادەی کرد) ﴿٣١﴾ کێف و چیای پتەوی لێدامەزراند ﴿٣٢﴾ بۆ کەڵک وەرگرتنی ئێوە و ئاژەڵەکانتان (وشتر، بزن، مەڕ، گا و گوێر) ﴿٣٣﴾ جا هەر وەختیش بەڵای هەرە گەورە کە هات ﴿٣٤﴾ ڕۆژێ کە مرۆڤ هەموو کردەوەی خۆی دێنێتەوە بیر ﴿٣٥﴾ دۆژەه بۆ هەرکەس کە دەبینێ، ئاشکرا دەکرێ ﴿٣٦﴾ جا ئەو کەسەی کە یاغی بووە ﴿٣٧﴾ ژیانی ئەم دنیایەی هەڵبژاردبێ ﴿٣٨﴾ دۆژەه جێیەتی ﴿٣٩﴾ بەڵام هەرکەس کە لە گەورەیی پەروەرێنەری ترساوە و نەفسی خۆی لە هەوا و هەوەس گێڕاوەتەوە ﴿٤٠﴾ بەهەشت جێیەتی ﴿٤١﴾ لەبابەت قیامەتەوە لە تۆ دەپرسن کە چ دەمێ ڕوو ئەدا؟ ﴿٤٢﴾ تۆ چ کارت بە وتنی وەختی ئەوە ﴿٤٣﴾ سەرەنجامی زانستی لای پەروەرێنەرتە ﴿٤٤﴾ تۆ تەنیا ترسێنەری کەسانێکی کە لەوە دەترسن ﴿٤٥﴾ ڕۆژێ کە چاویان بە قیامەت دەکەوێ، وا دەزانن بەدەر لە ئێوارەیێ یا چێشتانێک (زیاتر) نەماونەتەوە ﴿٤٦﴾

## سوورەی عەبەسە: گرژبوون ٤٢ ئایەتە



Dr. Saleh Ebrahimi